بە بەشداریکردن لە کەبوونەوەکانی ئینجومەنی هاریکاری عێراق-یەکێتی ئەورووپا.. فوئاد حسێن گەیشتە بروکسل



ئەمڕۆ هەینی، فوئاد حوسێن، جێگری سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە ، گەیشتە بروکسلی پایتەختی بەلجیکا بۆ بەشداریکردن لە کارەکانی ئینجومەنی هاریکاریی چوارەمی نێوان عێراق و یەکێتی ئەورووپا.

وەزارەتی دەرەوە لە راگەیەندراوەکدا باویکردەوە "جێگری سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حوسێن گەیشتە بروکسلی پایتەختی بەلجیکا، بۆ بەشداریکردن لە کارەکانی ئینجومەنی هاریکاریی چوارەمی نێوان عێراق و یەکێتی ئەورووپا، کە بەیارەتیی یەکشەممە ١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥ لە شاری لەکسمبۆرگ بەڕێوە بچێت ".

لەو راگەیەندراوەکەدا ئاماژەی بوودا کە "بەیارەتی وەزیر لە پەراوێزی کەبوونەوەکاندا، زنجیرەیەک دیدار و کەبوونەوەی دووقۆڵی لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوتاکانی و بەرپرسانی یەکێتی ئەورووپا ئەنجام بداتە"؛ بۆ ئامانجی تاوتوێکردنی پێگاکانی بەهێزکردنی هاریکاریی دووقۆڵی و پرسەپێدانی هاوبەشی نێوان هەردوولا لە بوارە جیاجیاکاندا.

هەر لە راگەیندراوەکەدا جەختی لەوە کردەوە کە "بەستنی ئینجومەنی هاریکاری لە چوارچێوەی گرنگیدانی هەردوو لایەنی عیراقی و ئەوروپی دەت بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هاوبەشی و هاریکاریی ستراتیژی، و بەردەوامیدان بە گفتوگۆی بنیاتنەر سەبارەت بەو پرسانەی کە جێگەی بایەخی هاوبەشن، بە شێوەیەک کە بەشدار بێت لە بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری و گەشەپەدان لە ناوچەکەدا".